# مەرگی شانۆ

ئەڤین ئەبابەکر

"هونەر چۆن دەتوانێت خەڵکی بجوڵێنێت ئەگەر کار نەکاتە سەر چارەنووسیان" بەرتۆلد برێخت.

شانۆ لە ناو هونەرەکانی دیکەدا جیاوازی بنەڕەتی هەیە، کۆمەڵێك تایبەتمەندی و رەگەزی خۆی هەیە کە لە پێکهاتنیدا بەشدارن و بەرادەیەك کاریگەری و رۆڵیان هەیە کە لە دەرەوەی ئەواندا شانۆ دەمرێت.
دەق و ئەکتەر و دەرهێنەرەو روناکی و ...هتد بنەڕەتەکانی هەر کارێکی شانۆین، بەڵام لەدەرەوەی ئەوانەدا دەبێت رەگەزێکی دیکەمان هەبێت لەراستیدا بۆ ئەوەیە کە شانۆ هەبێت، من ناو لەو رەگەزە دەنێم رەگەزە دەرەکییەکە، مەبەست لەمەش بوونی بینەرە، چونکە شانۆ ئەگەر بینەری راستەوخۆی نەبێت لەوانەیە لەدایك نەبێت یان ئەگەر لەدایکیش ببێت دەمرێت. لە کوردستانیشدا ئەوە تا دێ بینەری شانۆ کەم دەبنەوە، ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری گشتی و تایبەتی رۆڵی تێدا دەبینن، هۆکارە گشتییەکان لەچوارچێوەی هونەری شانۆ لە جیهاندا دەرناچێت، پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان، بوونی سەتەلایت و ئینتەرنێت لە تەواوی ماڵەکاندا هۆکارێچکی کاریگەری کەم بوونەوەی بینەری شانۆیە، بەڵام لەتەك ئەوەدا هۆکاری دیکەش هەن کە هەر لە بازنەی هۆکارە گشتییەکاندا دەخولێنەوە، وەك ئەو تێکستەی دیاری دەکرێت بۆ نمایش کردن، بەو پێیەی دەبێت پەیوەندی بەو هەڵو مەرج و بارودۆخە رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەبێت کە لەو کۆمەڵگایەی نمایشەکەی لێدەکرێت بەرجەستەبن. لەبەرامبەر ئەوەدا کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی هەن پەیوەندیان بە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کە نمایشەکەی تێدا دەکرێت. ئەگەر چەند هۆکارێك دەست نیشان بکەین وەك ئەوەی بۆ نمونە لە کوردستاندا خەڵك رۆشنبیرییەکی شانۆیی نییە، کەواتە ئەگەر رۆشنبیری شانۆیی نەبێت چۆن دەتوانرێت زۆرترین بینەر لەدەوری نمایشەکاندا کۆبکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردستانی لە خەوتنێکی سەیردایە، بێ ئاگایە تەنانەت لە خودی خۆیشی چ جای ئەوەی شانۆ. ئەوەی دەبێت قسەی لەسەر بکەرێت بەتایبەت ئەوەیە کاتێك مامۆستاکانی بواری شانۆو شانۆکارەکان لە نمایشە شانۆییەکاندا ئامادەنەبن چۆن دەتوانرێت رەخنەی ئەوە ئاراستەی خەڵکە عامەکە بکرێت کە لەنمایشە شانۆییەکاندا ئامادەیی نییە. ئامادە نەبوونی شانۆکارەکان لەو نمایشانەدا کە ماوە ماوە لێرەو لەوێی شارەکانی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت شیاوی قسە لەسەر کردنێکی زۆرە، کە لە شوێنێکی ئاوادا ناتوانین بیوروژێنین. بێ گومان دەبێت قسە لەسەر ئەوەش بکەن کە بینەرەکانی شانۆ لە کوردستاندا کێن، ئەمن چوومەتە شانۆی وەهاوە تا تەواو بووە لەبەر فیکەو هۆڕی بینەرەکان لەچەند رستەیەك بترازێت بەدەستی بەتاڵ گەڕاومەتەوە! ئاخر بینەرانێکی ئاوەها چ مانایەکی بینەربوونیان تێدا بەرجەستە بووە تا دڵمان بەوە خۆش بێت کە نمایشەکان بینەریان هەیە. جارێك برادەرێکی شانۆکار باسی لەوە کرد کە دەرهێنەری شانۆگەرییەك داوای لە فلان رێکخراو کردووە ئەندامەکانی ناچار بکات لەهۆڵی نمایشەکەدا ئامادەبن و کورسییەکان بەبەتاڵی نەمێننەوە! جا ئەگەر ئەوە حاڵی شانۆ بێت لە کوردستاندا هەقی خۆمانە بڵێین شانۆ مرد.
ئەوەی ماوەیەکە بیری لێدەکەمەوەو بۆتە پرسیار لەمێشکمدا ئەوەیە کە بۆ دەبێت لەساڵانی حەفتاو هەشتاکاندا شانۆنامەیەك لە یەك شوێنداو بۆ ماوەی نزیکەی 20 بیست رۆژ لەسەر یەك نمایش کرا بێت، لەکاتێکدا ئەمرۆ شانۆنامەیەك نمایش دەکرێت و بینەرەکان هەر ئەوەتا لە خودی شانۆکارەکان ناپرسن "ئەرێ برا ئەوە کەی تەواوی دەکەن". ئەمە لەکاتێکدا لەو سەردەمانەدا نمایش کردنی دەقێکی شانۆیی لەچەند رووەوە رووبەرووی کێشە دەبۆوە هەر لە دابین کردنی پێداویستییە هونەرییەکانەوە تا دەگاتە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسای کۆمەڵگای کوردی. راستە لەو سەردەمەدا سەتەلایت و ئینتەرنێت نەبوون، بەڵام ئەو گۆڕانە زۆرەی ئێستا لە بینەرانی شانۆدا

دروست بووە، ناكرێت لەپەیدانی ئینتەرنێت و سەتەلایتدا كورت بكرێتەوە.

بەبۆچوونی من باشتركردنی واقیی ئێستای شانۆی كوردی دەبێت لە چەند هەنگاوێكەوە دەست پێ بكات و پێویستیش بەوە دەكات چەند توێژینەوەیەكی خێراو هەمەلایەنە هەبێت بۆ ئەو دۆخەی ئێستا شانۆی كوردی بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی زانستیانە هۆكارەكانی نەبوونی بینەر یان نائامادەیی بینەری شانۆ لە هۆڵەكانی نمایشدا دیاری بكەن. ئەمە ئەگەر شانۆكاران بەتەنگ ئایندەی كارەكانی خۆیانەوەن، لەبەرئەوەی هیچ ئاسۆیەك روون دیار نییە. ئەوەی دەبێت بكرێت پێویستە ئەو دەقانەی بۆ نمایش كردن هەڵدەبژێردرێن نزیكییەكی زۆریان هەبێت لەگەڵ واقیعی ئێستای كۆمەڵگای كوردستان لەگشت روویەكەوە، چونكە دواجار شانۆكان بۆ ئەوان نمایش دەكرێن. پاشان پێویستە رۆشنبیری شانۆیی خەڵك بەرز بكرێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا ئیش لەسەر ئەوە بكرێت دەرهێنانەكە بەشێوەیەكی ئاوەها بێت لەگەڵ زەوق و سەلیقەی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایەدا بگونجێت، گرنگ نییە چ زمانێك و چ وەسیلەیەك بەكاردەهێنرێت، گرنگ نییە جەستە رۆڵی سەرەكی دەبینێت یان زمان بەشێوەی بنەڕەتی ئیشی تێدا دەكات، گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانین سەرنجی خەڵك رابكێشین بۆ ئەوەی لە نمایشەكاندا ئامادەییان هەبێت و چۆن پەیامەكە دەگەیەنین.